# بڕیاری دەستگیر کردنی ڕابەرانی کرێکاران بەتوندی ئیدانە ئەکەین

**پاش هێنانی ڕەشنوسی مسۆدەی پرۆژەی یاسای نەوت و غاز بۆ پەرلەمانی عێراق، لەگەڵ چەندین پەرچە کرداری ناوەوەو دەرەوەی پەرلەمانی بەرەو ڕوو بوەوە، هاوکات بەرەی دژ بە یاساکە** (جبهة المناهضة لقانون نفط والغاز) **کەوتە هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دژ بە یاساکەو ڕاکێشانی پشتیوانی خەڵك، لەپێناو وەستان و ڕاگرتنی جێگیرکردنی یاساکە. ئەمەش لەگەڵ نیگەرانی حکومەتی عێراقی بەگشتی و وەزارەتی نەوت بەتایبەت ڕووبەڕوو بووەوە. کە سەرەنجام بڕیاری دەستگیر کردنی ڕابەرانی ئەم بەرەیەی دەرکردووە، کەخۆی لە هەریەك لە (صبحی بەدری- سەرۆکی بەرەکەو سەرۆکی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق، حەسەن جمعە- سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی نەوتی باشوور، عبدالکریم عبدالسادە(ئەبو وەتەن)- ئەندامی لیژنەی تەنفیزی یەکێتی شوراو سەندیکا کرێکاریەکانی عێراق)و چەندین هەڵسوڕاوی تری کرێکاری ئەبینێتەوە.**

**ئێمە ئەم هەنگاوەی حکومەت و وەزارەتی نەوت بەدژی ئازادی بیرو ڕاو هەڵسوڕانی سیاسی ئەبینین و بەتوندی ئیدانەی ئەکەین و خوازیاری دەست بەجێ هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەین.**

1- **محمد محمود(حەمە هەژار)** — **سەرۆکی لقی سلێمانی سەندیکای کرێکارانی کوردستان**

2- **عوسمان حەمە سعید( عوسمان زیندانی)** — **سەرۆکی سەندیکای بیناسازی پارێزگای سلێمانی**

3- **حسێن عبدالرحمن حەسەن** — **ئەندامی لقی سەندیکای کرێکارانی پارێزگای سلێمانی**

4- **سەروەر عبدالکریم** — **سەرۆکی سەندیکای کارگوزاری**

5- **هاول ئیشو** — **سەرۆکی سەندیکای میکانیك و پیشەسازی**